لەگەڵ وەرگرتنی پۆستەرێك بە دیاری وەربگرە

Rega Sports

ڕێگا Sports

ژمارە (138) چوارشەممە 2010/1/6 ◆ بەفرانباری 2709 ◆ نرخی (500) دینارە



## ئەمرۆ تەواوی یارییەکانی جەولەی ١٨ ی خولی ئیتاڵیا بەڕێوەدەچێ

# یەکشەممەی دادێش لەکلاسیکۆی کالچیۆدا یۆڤنتوس و میلان بەیەك دەگەن



★ فارس سێنارەیی

ئەمرۆ چوارشەممە تەواوی یارییەکانی جەولەی ١٨ خولی ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێ لەکاتژمێر ٢:٣٠ دوای نیوەڕۆ یانەی کیڤۆڤیرونا لە یاریگای مارك ئەنتۆنیۆ ڕووبەڕووی یانەی ئەنتەرمیلانی یەکەمی ریزبەندی یانەکان و پاڵەوانی ٤ وەرزی رابرووی کالچیۆ دەبێتەوە، یاریزانانی راهێنەر مۆرینهۆ لە ١٧ جەولەی رابردوودا توانیویانە ٣٩ خاڵ کۆبکەنەوە، بەمەش بەجیاوازی ٨ خاڵ لەپێش نزیکترین رکابەریانن، لەکاتژمێر ٥ ی ئێوارەشدا ٨ یاری لەیەك کاتدا ئەنجام دەدرێ لەگرنگترینیان یانەی پارما لە یاریگای تاردینی ڕووبەڕووی یانەی یۆڤنتوس دەبێتەوە، لەیاریگای لویجی ڤیراریسیش سەمبادۆریاو پالێرمۆ بەیەك دەگەن، لەهەمان کاتدا کالیاری و رۆما لە یاریگای سانت ئیلیا بەیەك دەگەن، لەدوا یاریشدا لەکاتژمێر ١٠:٤٥ ی شەو یانەی ئەی سی میلان لە یاریگای سان سیرۆ بەرامبەر جەنەوا یاری دەکات، ئەمەو یارییەکانی جەولەی ١٩ ی خولی کالچیۆ رۆژی شەممەی دادێ بە ٢ یاری دەست پێدەکات، رۆژی دواتریش ٨ یاری ئەنجام دەدرێ، لە لوتکەیانداو لەکلاسیکۆی ئیتاڵیادا هەردوو یانەی ناودار یۆڤنتوس و ئەی سی میلان لەیاریگای ئۆلۆمپیکۆ دی تۆرینۆ بەیەك دەگەن، میلان بە کۆکردنەوەی ٣١ خاڵ لەپلەی دووەمی ریزبەندی یانەکان دێت و یارییەکی دواخراویشی هەیە، یۆڤنتوسیش لەپلەی سێیەمدایە بە ٣٠ خاڵ ، جێی باسە یانەی یۆڤنتوس کە بەخانمە پیرەکە دەناسرێ، خاوەنی ژمارەی پێوانەیە لەبەرزکردنەوەی جامی خولی ئیتالیا بە ٢٧ جام لەپلەی دووەمیش یانەی ئەی سی میلان دێت بە ١٧ جام، ئەنتەرمیلانیش هەمان رێژەی جامی بەدەست هێناوە.

## جامی شای ئیسپانیا

# ئەمشەو ٤ یاری ئەنجام دەدرێ پێنجشەممەش بە ٣ یاری کۆتایی بە یارییەکانی چوونی قۆناغی ١٦ دێت



★ نەبەز مستەفا

لەدرێژەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ ی جامی شای ئیسپانیا ئەمشەو ٤ یاری ئەنجام دەدرێت، لەکاتژمێر ٨ ی شەو لەیاریگای بالایدۆس یانەی سلتافیگۆ میوانداری یانەی ڤیاریال دەکات، لەکاتژمێر ١٠ ی شەویشدا ٢ یاری لەیەك کاتدا ئەنجام دەدرێ، لەیاریگای سانتۆ دۆمینگۆ یانەی ئەلکۆرکون میوانداری یانەی راسینگ سانتاندێر دەکات، لەم یارییەدا یاریزانانی ئەلکۆرکون هەوڵدەدەن راسینگیش بەدەردی یانەی ریال مەدرید ببەن، لەهەمان کاتدا یاریگای میستایە یاری لوتکەی نێوان ڤالنسیاو دیپرتیڤۆ لاکارۆنیا لەخۆ دەگرێ، سبەی پێنج شەممەش ٣ یاری لەم جامەدا سازدەدرێ و یارییەکانی چوونی قۆناغی ١٦ ی پێ بەکۆتا دێت، لەکاتژمێر ١٠ ی شەو یانەی هیرکۆلیس ڕووبەڕووی یانەی ئۆساسۆنا دەبێتەوە، لەهەمان کات یانەی رایۆ ڤالیکانۆ میوانداری یانەی ریال مایۆرکا دەکات، دوا یارییەش لە یاریگای لاروز ئەلیدا ئەنجام دەدرێ، کاتێك هەردوو یانەی مەلەگەو خیتافی ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، ئەم یارییەش لەکاتژمێر ١٢ ی شەو ئەنجام دەدرێ، شیاوی باسە یانەی بەرشەلۆنەی پاڵەوانی پارساڵی ئەم جامە خاوەنی ژمارەی پێوانەیە لەبەرزکردنەوەی جامی شای ئیسپانیا بە ٢٥ جام لەپلەی دووەمیش یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو دێت بە ٢٣ جام، یانەی ریال مەدریدیش ١٧ جار بۆتە پاڵەوانی جامی شای ئیسپانیا.

## ئەمشەو لەجامی یانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرادا

# لە کۆتاییەکی ناوەختەداو لەدێربی شاری مانچستەردا، یۆنایتدو ستی بەیەك دەگەن



ئەمشەو لەکاتژمێر ١٠:٤٥ ی شەو لەیاری چوونی پێش کۆتایی جامی یانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا هەردوو یانەی شاری مانچستەر، مان ستی و یۆنایتد لە یارییەکی چاوەڕوان کراودا لەیاریگای ستی ئۆف مانچستەر بەیەك دەگەن، ئەم جامە لەرووی گرنگی لەدوای خولی ئینگلتەراو جامی ئینگلتەرا دێت و بەجامی کارلینگ کاب دەناسرێ، زۆر لەیانە ناودارەکانی وەکو ئەرسناڵ و لیڤەرپوول و مانچستەریونایتد و چێلسی بەپێکهاتەی دووەمیان بەشداری لەیارییەکانی ئەم جامەیە دەکەن، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا جامی کارلینگ کاب لەلایەن هەندێ یانە گرنگی زۆری پێ دەدرێ، لەوانەش یانەی مان ستی، کە بە پێکهاتەی سەرەکی لەهەموو یارییەکانیدا یاری کردووە، یاری گەرانەوەش لە ١٩ ی ئەم مانگەیەدا لەیاریگای ئۆلترافۆلد ئەنجام دەدرێ .. ئەوە ماوە بیلێین یانەی لیڤەرپوول خاوەنی ژمارەی پێوانەیە لەبەرزکردنەوەی جامی کارلینگ کاب بە ٧ جام، لەپلەی دووەمیش یانەی ئەستۆن ڤیلا دێت بە ٦ جام، لەپلەی سێیەمیش یانەی تۆتنهام دێت بە ٥ جام، هەروەها یانەی چێلسیش ٥ جار بۆتە پاڵەوانی ئەم جامە، مانچستەر یۆنایتدیش ٣ جار بۆتە پاڵەوانی ئەم جامەیە .



## ناچمە خولی ئینگلتەرا...

# کەریم بنزیما: بەدانیشتنی سەر کورسیەکانی یەدەگ رازیم و ریبێریش لە بەرنامەی ریالدا نابینم

لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی tf1 ی فەرەنسی کەریم بنزیمای ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەچوونی ئەو دەکەن بۆ ریزی یانەی مانچستەر یۆنایتد گوتی: بەر لەوەی بۆند لەگەڵ یانەی ریال مەدرید مۆر بکەم چەند جارێك لەلایەن کاربەدەستانی مانچستەر یۆنایتد پەیوەندیم پێوەکرا، بەلاَم من پێم خۆش نەبوو بچمە خولی ئینگلیزی، هەروەها بنزیما گوتی: زۆر لەلام ئاساییە لەزۆربەی یارییەکان لەسەر کورسی یەدەگدا دابنیشم، ئەمەش ئەوا ناگەیەنێ کەمن نیازی رۆیشتنم هەیە، لەکۆتایی قسەکانیدا بنزیما گوتی: ئەوەندەی من ئاگادار بم ریبێری و ریال مەدرید هیچ دانووستانیان لەنێواندا نییە.جێی باسە بنزیما ٦ مانگ بەر لە ئێستا لەیانەی لیۆنەوە هاتە ریزی یانەی شاهانە، واتە نیو وەرز دەبێت لەریزی ریالدایەو تەنها ٥ گۆڵی تۆمارکردووە.

